شاخەوان عەبدوڵا بە تووندی ئیدانەی بە ئامانجگرتنی کۆگەی غازیی کەرکووک دەکات

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بە تووندی ئیدانەی بە ئامانجگرتنی کۆگەی غازیی کەرکووک دەکات و داوای لە حکومەتی فیدراڵی کرد ڕوشوێنکان بگرێتەبەر لێپێناو دانانی سنووورێک بە دووبارەنەبوونەوەی دەستدرێژی بە سەر دەزگا مەدەنی و گرنگەکان.

ڕۆژی هەینی (26ـی کانوونی دووەمی 2024) شاخەوان عەبدوڵا، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕاگەیەندراوێکی باڵاوکردەوە و ڕایگەیاندووە: "بەتوندترین شێوە سەرکەنەی بەئامانجگرتنی کۆگەی غازیی کەرکووک دەکەین کە بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ئەنجامدرا لە پارێزگای سلێمانی، کە بووە هۆی بینینی کارەبا لە هاووڵاتیانی چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان". ﷺ

شاخەوان عەبدوڵا لە پەیامەکەیدا داوای لە حکومەتی فیدراڵی کردووە، ڕوشوێنی پێویست بگرێتەبەر لێپێناو دانانی سنووورێک بە دووبارەنەبوونەوەی ئەو دەستدرێژییانە بە سەر دەزگا مەدەنی و ژیارییەکان، کە بووتە هۆی دروستکردنی مەترسی ڕاستەقینە بە سەر ئاسایش و سەقامگیری. هەروەها بە پێویستی زانی سەرکۆشی لایەنە لێپاساوەرچووەکان ڕابگیرێت و

لەپرسینەوەیان لەگەدا بکرێت .